کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-5-2007 1:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

hgrawy@yahoo. com
باشووری کوردستان _ هەولێر

## ئافرەت و پیاو و ئازادی ... هەرمان خالد

ئافرەت و پیاو ئەو دوو بوونەوەرەن، کە هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن، بە مانای هیچیان لەوی تر باشتر و لە پێشتر نیە، ئەوان لە ڕووی جەستەییەوە هەر یەکەو فەرمانێکیان هەیە و دەبی جی بەجێیان بکەن، نە ئافرەت دەتوانی کاری پیاو بکا و نە پیاویش دەتوانی کاری ئافرەت بکا. بە کوردی تەواو کەر و هاوتای یەکترن و بەس.
ئافرەتانی ئێمە، بە تایبەتی ئەو چینەی خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانی، بەردەوام داوای ماف و ئازادی و یەکسانی ئافرەتان دەکەن، کۆمەڵی پیاوی سمێڵ ئەستوریش لە گەڵ ئەوان دەهۆڵەکە دەکوتن بی ئەوەی لە ناخەوە باوەڕیان پێی هەبی. وە قسەیەکی داریشیان هەیە کە دەڵێن (ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی تریشە)، ئێمەش دەڵێین وایە، بەلام (پیاویش نیوەی کۆمەڵە و باوکی نیوەکەی تریشە)، بۆیە وابزانم ئەو قسەیەیان تەنیا بۆ ئەوەیە خۆیان بەرنە پێشەوە و خۆیان بە باشتر بزانن.
ئافرەتان بە گشتی داوای یەکسانی دەکەن لەگەڵ پیاو، وا دەزانن ئەو یەکسانیە لە بەرژەوەندی ئەوان دایە، کەچی یەکسانی لە دژی ئەوان دایە، چۆن؟ ئەگەر یەکسانی تەواو هەبی لە نێوان ئافرەت و پیاو، دەبی ئافرەتیش شان بە شانی پیاو کرێکاری بکا و بەسەر ئەو باڵەخانە بەرزانەی هەڵگەڕی، ئایا پێی دەکری بلۆکێکی 25 کیلویی بەسەر 10 نهۆمدا سەر بخا و منداڵەکەشی بگریی و داوای شیر بکا؟ یان ئایا پیاو دەتوانی منداڵێك بۆ ماوەی تەنها مانگێك بە خیو بکا وەك دایکی و تێبگا ئەو مناڵە لەبەر چی دەگریی؟ بێگومان نەخێر، کەواتە یەکسانی نا عەدالەتترین ووشەیە کە لەو بوارە بەکاردەهێنری، ئێمە بە ئافرەت و پیاوەوە دەبی داوای دادگەری بکەین لە کۆمەڵدا، چونکە لە سیستەمێکی دادگەردا هەموو کەس بە مافی خۆی شاد دەبی و هێندەی ئەو مافەش ئەرکی دەبی، بە چ پێوەرێك ڕەوایە تۆی ئافرەت، خاوەن بڕوانامەی ئەندازیاری بیت و داوای یەکسانی بکەی لەگەڵ ئەو پیاوەی لەبەر دەستی تۆ کرێکاری دەکا، ئەگەر بە قسەی ئێوە بێت دەبی یەکسان بن، بەلام لە سیستەمی دادگەردا تۆ وەك ئەندازیار مافت زیاترە لە کرێکارەکە و لە بەرامبەریشدا ئەرکیشت زیاترە، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.
ئافرەتانی ئێمە، داوای ئازادی دەکەن، ئەگەر چی زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان هێشتا لە مانای ئازادە نەگەیشتوون، (کە دەڵێم زۆربەی هەرە زۆری، مەبەستم ئەو نوخبەیە نیە لە کۆمەڵ کە چالاکن لەو بوارە)، ئەوان ئازادی بەوە تێدەگەن، کچ و ژن ئازاد بی کەی دەچێتە دەرەوە و چ جلێك لەبەردەکا و چون ڕادەبوێری؟ بەو بیرکردنەوەیەیان دەیانەوی پێمان بسەلمێنن کە ئەو ئافرەتانەی پێش ئێمە (دایك و داپیرانمان) هیچیان نەیان زانیوە بژین و خۆش بەخت بن، چونکە بە تەنیا لە ماڵ نە چوونەتە دەرەوە و کابۆی جینز و تیشێرتی تەسکیان لەبەر نەکردوە!!!
دواتر ئێمەی کورد وەك نەتەوە کەی ئازادین تا ئەوان داوای ئازادی بکەن و ململانی لەگەڵ پیاودا بکەن!!!
تا ئێرە کەمێك ئاساییە، بەلام ئەوەی ئاسایی نیە ئەوەیە، هەندی ئافرەتی سمێڵدار (پیاو)، زۆر زیاتر لە ئافرەتان داوای مافی ئەوان دەکەن، لە هەموو کۆبوونەوە و دەرفەتێکدا قسەی زل و گەورە گەورە دەکەن دەربارەی مافی ئافرەتان، کەچی نە کچ و نە خێزانی خۆیان بۆیان نیە داوای چارەگێکی ئەو مافانە بکا کە ئەو بۆ ئافرەتانی دیکەی داوا دەکا!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەر بۆ نموونە، زۆربەی گۆرانیبێژان، گلەیی ئەوە دەکەن کە ئافرەتی کورد، بەشداری کارە هونەریەکان ناکا و لە کلیپەکانی ئەوان بەشدار نابی، هۆکاری ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ کۆمەڵی قسەی زۆر لە خۆیان زلتر وەك کۆمەڵگەی باوك سالاری و دواکەوتوویی و نەبوونی ئازادی بۆ ئافرەتان، باشە گەر ئەوان داوای ئازادی بۆ کچ و خێزانی خەڵکی دەکەن و دەیانەوی ئافرەتانمان ئازاد بن، ئەی بۆچی کچ و خوشك و خێزانی خۆیان ناهێنن و ئەو مافانەیان پێنادەن کە بۆ کچی خەڵکی داوای دەکەن؟
ئەگەر وەلامی ئەم پرسیارە لە بیری خۆمان بدەینەوە، تێدەگەین ئەو هەموو هەراو فشەفشە هەمووی درۆیە و هیچیان ئامادە نین ئەو مافانە بە ئافرەت بدەن، کوردیش دەڵی (بانێکە و دوو هەوا) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.